هەواڵ
Hawal

No. (١٣١) ٤th Year ١٤ May ٢٠٠٥ — www.hewal.org — ژمارە (١٣١) ساڵی چوارەم ١٤ ی ئایاری ٢٠٠٥ - نرخ (٤٠٠) دینار

## لە سلێمانی

## دەربڕینی نارەزاییەکان بەرتەسك دەکرێنەوە

نارەزایی دەربرین لە شارەکانی کوردستان بەگشتی و لە شاری سلێمانی بەتایبەتی بۆتە دیاردە رۆژانە چین وتویژی جیاجیا دەڕژێنە سەر شەقامەکان وداواکانیان روو بەرووی دەزگاکانی حکومەت دەکەنەوە .
ئەم دیاردەیە بوو قسەو وباسی دوا کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە سلێمانی وتەفسیری جۆراو جۆری بۆکرا تارادەی ئەوەی بەدەست لە پشتدانی دەرەوەی سلێمانی بۆ بکرێ لە دوا جار وەك رێگە پێ گرتنی ئەو دیاردەیە ئەنجومەن گەیشتە ئەو بڕوایە کە بە شێوەی زارەکی نەك بەنووسراو هەر وەزارەتێك لەلای خۆیەوە فەرمانگەکان ولە رێگەیانەوە فەرمانبەران لەوە ئاگادار بکەنەوە کە خۆیان لەو جۆرە نارەزایییانە بەدوور بگرن بەپێچەوانەوە کاردانەوەیان لەگەڵدا دەکرێ .

## پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خۆمان وسەرجەم کارمەندانی دەزگاکەمانەوە پرسەو سەرخۆشی ئاراستەی کەس و کارو هاورێیانی هەرسێ شەهید "خەلیل عەبدوڵلا " .. هەوراز عەبدوڵلا ... محەمەد جەلال " دەکەین کە بەکارەساتی هاتوو چوو شەهید بوون .
لە خوای گەورە داواکارین دوا کۆستی بنەماڵەکەیان بێت و شەهیدانیش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات

دەزگای هەواڵ

# بە پێی بەڵگەنامەیەك لە دەیەمینساڵرۆژی داگیرکردنی کوێت دا سەردار جاف هۆزی جاف دەکاتە پرۆژە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان

### تایبەت بە هەواڵ

بەپێی بەڵگەنامەیەك کە (هەواڵ) بەدەستی هێناوە سەردار جاف لە ٢٠٠٠/٨/٢ واتە لە دەیەمین ساڵرۆژی داگیرکردنی کوێتدا نامەیەك ئاراستەی سەدام حوسێن دەکات وتیایدا هۆزی جاف دەکاتە پرۆژە بۆ روخاندنی دەسەڵاتی حزبە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ونارەوایانە پەلاماری پارتی ویەکێتی ئەدات لە بەرژەوەندی رژێمی بەعس دەیەوێ پێگەی خۆی لەو رێگایەوە لای سەدام حوسێن بەهێز بکات لە لاپەرە (٣) دا دەقی نامەکە وەك خۆی بەعەرەبی و بەوەرگێڕاوی بۆ کوردی کۆپی وێنەی نامەکە بخوێننەوە .



## بە ئیمتیازاتی وەزیری موکەرەم تاڵەبانی لە سلێمانی خانەنیشین دەکرێت

سەرچاوەیەکی نزیك لەوەزارەتی دارایی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی بەرۆژنامەکەمان راگەیاند کە ( موکەڕەم جمال تاڵەبانی ) لەسەر بودجەی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم بەپلەی وەزیر خانەنشین کراوە بەبڕی موچەی (٥٥٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن وپێنج سەد هەزار دیناری عێراقی .
هەمان سەرچاوە ئەوەشی پێ راگەیاندین کە هەندێ لە کۆنە ئەندامەکانی مەجلیسی وەتەنی وهەردوو مەجلیسە تەشریعی وتەنفیزیەکەی حوکمی زاتی لە هەوڵی ئەوەدان بە ئیمتیازاتی ئەندام پەرلەمانەکان خانەنیشین بکرێن بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکیان رەوانەی بەغدا کردوە بۆ سۆراخ کردنی مووچە وئیمتیازاتەکانی هاوشێوەکانیان لە بەغدا .
لەم بارەیەوە بە تەلەفۆن پەیوەندیمان بە بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی‌یەوە کرد ولەوەڵامدا ووتی دەزانم موکەرەم تاڵەبانی داوایەکی لەو چەشنەی دا بووە حکومەت بەڵام نازانم بۆی کراوەیان باشتر وایە پەیوەندی بە بەرێوبەری گشتی خانەنشینی‌یەوە بکەن بۆ ئەو مەبەستە ئێوارەی پێنج شەممە بە تەلەفۆن پەیوەندیمان بە سەلاح جومعە بەرێوبەری گشتی خانەنیشینەوە کردو سەرەتا ووتی شتی وانی‌یە دوای ئەوە پێمان راگەیاند کە بەڵگەمان لەبەر دەستدایە ووتی ئێستا لەدەرەوەی دەوامی رەسمیم ناتوانم وەڵامتان بدەمەوە .
جێگای ئاماژە پێ کردنە موکەرەم تاڵەبانی لە ساڵەکانی حەفتاکاندا وەزیر بووە لە حکومەتی عێراقی وتا ڕووخانی رژێم راوێژکاری سەدام حوسێن بووە .

## لەماوەی پێنج سەعاتدا پێنج کاری تیرۆریستی لە کەرکوك روویداوە

موقەدەم یادگار لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوك لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ هەفتەنامەی(هەواڵ)رایگەیاند رۆژی ٢٠٠٥/٥/١٢ لەنێوان کاتژمێر ٨:٤٠ دەقیقەی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر یەکی پاش نیوەرۆ،پێنج رووداوی تیرۆریستی لەناو شاری کەرکوکدا روویداوە.
یەکەمیان تەقینەوەی مینێکی چێنراو بوو لە ژێر پردی ئازادی نزیك گەڕەکی رەحیماوە کە بووە هۆی بریندابوونی هاووڵاتیەك.
دووەمیان ئۆتۆمبیلێکی مینرێژکراو بو لە نزیك باروتخانەی سەر رێگای سلێمانی لەئەنجامدا کچێك شەهید بوو و پۆلیسێکیش بریندار بوو.
سێهەمیان دانانی مینێکی چێنراو بوو لە نزیك بەنزینخانەی عتبە بن نافع بەڵام بێ‌زیان بوو.
چوارەمیان تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی مینرێژکراو بوو لە نزیك حوسینیەی موسەڵلا کەسەرەنجام هاووڵاتیەك شەهید بوو و ٤ی تریش بریندار بوون.
پێنجەمیان دەستبەسەرداگرتنی چەك و جبەخانەیەکی زۆر بوو لەناوچەی تازە نزیك شاری کەرکوك.
جێی ئاماژە پێکردنە لەئەنجامی ئەم زنجیرە کاری تیرۆریستیانەدا پۆلیسی کەرکوك و پۆلیسی هاتوچۆ بەتەواوی کەوتنە حاڵەتی ئینزارەوە.

## ئەندام پەرلەمانێکی شیعە داوای دەرکردنی عەرەبی غەیرە عێراقی دەکات

"ضیاء الدین محمد الفیاض" ئەندام پەرلەمانی شیعە لە پەرلەمانی عێراق لەووتەیەکیدا بەرامبەر پەرلەمان رونی کردەوە پێویستە لەکاتی ئێستادا ئەو عەرەب و بیانیانەی لە عێراقدان دەربکرێن بەتایبەت ئەو عەرەبانەی بەشداری کارە تیرۆریستەکانیان کردووە وەك سودانی و سوری و ئوردونی و سعودی.
الفیاض وتیشی دەرکەوتووە وڵاتانی دراوسێ ناتوانن کۆنترۆڵی سنورەکانیان بکەن لەئاست دزەکردنی تیرۆریستان بۆیە پێشنیار دەکەین هەرچی عەرەب و بیانی هەیە لە ماوەی(١٥)رۆژدا کۆبکرێنەوەو لە وڵات دەربکرێن تا ئەو کاتەی کۆنترۆڵی باری ناوخۆ دەکرێت.
الفیاض داواشی لەپەرلەمانی عێراق کرد دەنگ بۆ پرۆژەی بڕیارێك بدەن کەداوا لە حکومەتی عێراقی بکات ووڵات لە هەموو بیانی‌یەك چۆڵ بکرێت.

## تاڵەبانی لێبوردن بۆ چەلەبی بەدەستدەهێنێت

رۆژنامەی(ئەندپندت)ی بەریتانی رایگەیاندووە کەلە سەردانەکەی ئەو دوایەی سەرەك کۆماری عێراق بۆ ئوردون توانیویەتی قەناعەت بە شا عەبدوڵلای پاشای ئوردون بهێنێ بۆ لێبوردن لە ئەحمەد چەلەبی کەحاڵی حازر جێگری سەرەك وەزیرانی عێراقە.
جێی بیرهێنانەوەیە کەلەساڵی(١٩٩٢)ەوە چەلەبی لەلایەن دادگایەکی سەربازی ئوردنیەوە بە٢٢ ساڵ زیندانی حوکمدراوە بە تۆمەتی دزینی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار لە بانکێکی ئوردون،ئەو کاتەی بەڕێوەبەری ئیدارەکەی بووە.
رۆژنامەکە تەئکیدیشی کردۆتەوە لە کۆتایی ئەم مانگەدا وەفدێکی ئوردونی سەردانی بەغدا دەکات و چاوی بەچەلەبی دەکەوێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکەو رێگەخۆشکردن بۆ دەرکردنی مەرسومی لێبوردن لەلایەن پاشای ئوردنەوە.
جێی باسە ساڵی پار دەزگای cia چەلەبی بە سیخوری ئێران تاوانبار کردبوو.

## لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسان یاداشتێك پێشکەش بە پارێزگاری کەرکوك دەکات

ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢ بەئامادەبوونی نوێنەرانی ٤٣ دەزگای جیاوازی راگەیاندن لەشاری کەرکوك کۆبونەوەیەکیان سازکرد بۆ ووردبونەوە لەو هەڕەشەو مەترسیانەی رووبەرووی رۆژنامەنووسانی شاری کەرکوك بوەتەوە بەتایبەت دوای تیرۆرکردنی سێ ئیعلامی کەناڵە جیاوازەکانی شارەکە.ئەمەو لەو کۆبونەوەیەدا یاداشتێکیان بۆ پارێزگاری کەرکوك ناردووە و تیایدا هەندێ داواکارییان لەو بارەیەوە خستووەتە روو لەوانە:

١.دابینکردنی حیمایە بۆ بارەگای سەندیکای رۆژنامەنوسان.
٢. دابینکردنی باجی چەکهەڵگرتن بۆ رۆژنامەنوسان .
٣. دابینکردنی واقیە بۆ رۆژنامەنوسان.
٤.ئیدانەکردنی ئەو دەزگا راگەیاندنانەی تیرۆر بە(مقاومە)ناودەبەن.

ئەمەو نوێنەرانی هەموو دەزگاکان لە یاداشتەکەدا ناوی خۆیان نووسیوە و ئیمزایان کردووە.

## ئەم هەفتەیە جەعفەری سەردانی تورکیا دەکات

سەرچاوەیەکی دبلۆماسی تورکیا رایگەیاند رۆژی ١٩و ٢٠ی ئەم مانگە ئیبراهیم جەعفەری سەرەك وەزیران هەڵدەستێت بەسەردانێك بۆ تورکیا بەمەبەستی باسکردنی پەیوەندی‌یە دووقۆڵی‌یەکانی هەردوولا.
دبلۆماسیەك کە نەیویست ناوی بهێنرێ لە روونکردنەوەیەکدا بۆ ئاژانسی رۆژنامەگەری فەرەنسا ووتی:ئەحمەد نەجدەت سیزەری سەرۆکی تورکیا لە پێشوازی جەعفەری‌دا دەبێت،پاشان ووتووێژ لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردوگانی هاوتای و عبدوڵلا گول ی وەزیری دەرەوەدا دەکات.
شایانی باسە لە کۆبونەوەی هەشتەمی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق کەلەکۆتایی مانگی رابردوودا لە ئەستومبوڵ بەسترا جەعفەری بەهۆی سەرقاڵ بونیەوە بەپێکهێنانی حکومەت نەیتوانی بەشداری بکات.
جێی بیرهێنانەوەیەتورکیا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەپێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لەبەغدا بەڵام هێشتا ترسی لەئاست بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە نەڕەویوەتەوە.

### سەرووتار

## دادگای باڵای فیدرالی کۆستی ئەمجارەی کورد

ئەم دوولەتە حکومەتە پڕ سەیرو سەمەرەیەی ئێمە لەوەتەی پەیدابوونە لەسەر بنەمای وەلائاتی شەخسی ئەوجا حزبی هەندێ کەس بۆ هەندی پۆست دائەتاشن هەندێ جار بەپێچەوانەوە هەندێ پۆست بۆ هەندێ کەس لە هەواوە دائەتاشرێ .
لە زۆر پێگەی حزبی وحکومی خۆیاندا ئەو کارانەیان کردوە، بەهۆی ئەو دۆخەی کوردستان وعێراقی پێدا گوزەری کردووە دەنگ نەکراوە یان چاوپۆشی لێ کراوە بۆ زۆر جێگا بەسروشتی وەرگیراوە چی لە نەزانی بێت یان لە ترسابووبێت، یەکێ لەو دام ودەزگا هەستیارانەی کە بەو شێوازە کاری تێداکراوە دام ودەزگا قەزاییەکان (دادوەرییەکان) بووە کە ئەنواع وئەشکال خەڵکی بێ توانا وناشارەزای تێ خزێنراوە لەبەر روونی و ئاشکرایی پێویست بەناو هێنان ودەستنیشان کردنیان ناکات لەمەشیان لەبەر دۆخە ناسکەکەو بۆ ئەوەی دڵی یەکێتی وپارتی نەڕەنجێن وقسەیەك لەم لاو یەکێکی تر لەولا کێشەی گەورەتری لێ نەکەوێتەوە .. لەبەر ئەوەش هەر لە ناو خۆماندایە کەس ورتەی لێوە نەهاتووە
بەڵام کەدێتە سەر مەسەلە چارەنووس سازەکان ناکرێ بێ دەنگ بین .
یەکێ لەو دەزگا گرنگ وبایەخدارانەی عێراقی تازە ، دامەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵی‌یە کە یەکلاکرنەوەی کێشەکانی نێوان هەرێمەکان و پارێزگاکان لەو دادگایەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت .
ئێمەی کوردیش کەممان نی‌یە لەو کێشانە بەڵکو دەتوانم بڵێم کێشە سەرەکیەکانی کورد لە دواجاردا دەڕواتە ئەو دادگایە .
نۆ (٩) دادوەر ئەندامی ئەو دادگایە دەبن شەش (٦) یان عەرەب دەبن شکور بۆخوا سێ (٣) یان بەر هەرێمی کوردستان کەوتوون .
عەرەبەکان بۆ شەش ئەندامەکە شەش دادوەریان داناوە کە لە دادوەرە ناودارەکانی عێراقن وتیایاندا نی‌یە خزمەتی دادوەریی لە (٢٥) ساڵ کەمتربێت بۆ پشکەکەی هەرێمی کوردستان هەش بەسەری کورد جارێکی تر دوور لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی وەلائاتی حزبی دەبێتە پێوەرو بەم جۆرە دابەش دەکرێن .
دانەیەکی دەدرێتە برا مەسیحیەکان ولە شاری دهۆك دادوەرێك دادەنرێ کە نزیکەی (١٠) ساڵ خزمەتی دادوەری هەیە .
بۆ دوانەکەی تر لە هەرێمی سلێمانی دادوەرێك دانراوە کە هەولێریەولەگەڵ باهۆزی سەوزدا هاتۆتە سلێمانی وهیچ خزمەتێکی ئەوتۆی پێشتری دادوەری نەبووە وبە بڕیار کراوە بە ئەندامی دادگای تەمییز .
لە هەولێریش بە پێچەوانەوە دادوەرێك دانراوە کە خەڵکی سلێمانی‌یەو وباهۆزی زەرد لە هەولێر گیرساندوێتەوە بەهەمان شێوە بێ ئەوەی خزمەتی دادوەری هەبووبێ بەبڕیار بە ئەندامی دادگای تەمییز دانراوە.
لەم خوێندنەوە دەبێت چاوەڕوانی چی لە دادگای ناو براو بۆ کوردو کێشەکەی بکرێت لەوە زیاتر کە کۆستێکی ترە بۆ سەر کۆستەکانمان .

**سەررنووسەر**

### شه پۆل فه تحی کەریم:

## کۆکردنەوەی( رێگای کوردستان ) لەبازاڕەکاندا

## بڕیاری حزب نییە بڕیاری دەستەی نوسەرانە

دوای دابەشکردنی ژمارە(٦٤١)هەفتەنامەی(رێگای کوردستان)ی حزبی شیوعی کوردستان سەرلەبەیانی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٥/٥/١٢ بەپەلەپرۆزێ هەفتەنامەکە لەلایەن خودی حزبی شیوعی کوردستانەوە لەبازاڕەکاندا کۆکرایەوە.
سەرەتا لەناو جەماوەردا مقۆمقۆی ئەوە هەبوو کە گوایە لەسەر وتارێکی(کەریم ئەحمەد)کە دەربارەی هۆشمەندی هەڵبژاردن نوسیویەتی هەفتەنامەکە لەبازاڕ کۆکراوەتەوە،دواتر پڕوپاگەندەکە گۆڕا بۆ ئەوە کە گوایە لەسەر گۆشەی نێچیری هەفتە کەلەلایەن نوسەر (عەلی مەحمود)ەوە دەنووسرێ هەفتەنامەکە کۆکراوەتەوە.
لەوبارەیەوە(هەواڵ)بەتەلەفۆن پەیوەندی بە(شەپۆل فەتحی)سەرنوسەری رێگای کوردستانەوە کرد و پرسیاری ئاراستە کرد،لەوەڵامدا ووتی:خەڵك با بۆخۆی بڵێ لەسەر هیچیان نییە هۆکارێکی فەنییە،پێشتر دەستەی نوسەران بەتێکڕا رای وابوو ئەم گۆشەیەی نێچیری هەفتە بڵاونەکرێتەوە،بەڵام کەبڵاوکراوەتەوە دەستەی نوسەران بڕیارماندا لەبازاڕ کۆیکەینەوە،بڕیاری حزب نییە بڕیاری دەستەی نوسەرانە.